## **وێنەی توندوتیژیی ڕەگەزی، FB-UA-006-2023**

**پوختەی کەیس**

دەستەی چاودێری بڕیارە سەرەتاییەکەی مێتای بۆ هێشتنەوە و لانەبردنی پۆستێکی فەیسبووک کە گاڵتە بە ئامانجێکی توندوتیژیی ڕەگەزی دەکات هەڵوەشاندەوە. ئەگەرچی مێتا لەو کاتەوە دانی بەوەدا ناوە کە ئەم پۆستە یاساکانی دژ بە زۆرلێکردن و هەراسانکردن پێشێل دەکات، دەستە کەلێنێکی لە یاساکانی ئێستای مێتادا دەستنیشان کردووە وا دیارە ڕێگە بە ناوەڕۆکێک دەدات کە توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکاتەوە بە ستایشکردن، پاساوهێنانەوە، شاییکردن یان گاڵتەکردن (بۆ نموونە، لەو حاڵەتانەدا کە ناتوانین ئەو لایەنەی کە کراوەتە ئامانج بناسین یان وێنەکە کارەکتەرێکی خەیاڵی نیشان دەدات). دەستەی چاودێری پێشنیار دەکات کە مێتا پرۆسەیەکی داڕشتنی سیاسەت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بەڕێوە ببات.

**لەبارەی کەیسەکە**

لە مانگی ئایاری 2021، بەکارهێنەرێکی فەیسبووک لە عێراق وێنەیەکی بڵاوکردەوە کە بە زمانی عەرەبی لە ژێریدا نووسرابوو. وێنەکەدا ژنێک نیشان دەدات کە نیشانەکانی هێرشی جەستەیی لە لەشیدا دیارە، لەوانە شینبوونەوەی دەموچاو و جەستەی. ژێرنووسەکە بە ئاگادارکردنەوەی ژنان لەبارەی هەڵەکردن لە کاتی نووسین بۆ هاوسەرەکانیان دەست پێدەکات. ژێرنووسەکە دەڵێت ئەو ژنەی لە وێنەکەدا دیارە نامەیەکی بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە. بەپێی ئەو ژێرنووسە، بەهۆی هەڵەی نوسین لەلایەن ژنەکەوە، پیاوەکەی هەڵە تێیگەیشتووە. بەپێی پۆستەکە، مێردەکە پێی وابووە ژنەکە داوای لێکردووە «گوێدرێژێکی» بۆ بهێنێت، لەکاتێکدا لەڕاستیدا داوای «لەچکێکی» لێکردووە. لە زمانی عەرەبیدا دوو وشەی «گوێدرێژ» و «لەچک» لەیەک دەچن («حمار» و «خمار»). پۆستەکە ئەوە دەگەیەنێت کە بەهۆی ئەو خراپ تێگەیشتنەی کە بەهۆی هەڵەی تایپ لە نامەکەیدا دروست بووە، مێردەکەی لێیداوە. پاشان لە ژێرنووسەکەدا هاتووە کە ژنەکە،ئەو سزایەی دراوە بە هۆی هەڵەکەیەوە، شایەنی بووە. لە سەانسەری پۆستەکەدا چەندین ئیمۆجی پێکەنین و زەردەخەنە هەیە.

ئەو ژنەی لە وێنەکەدا نیشاندراوە، چالاکوانێکی خەڵکی سوریایە و پێشتر وێنەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوکراوەتەوە. لە ژێرنووسەکەدا ناوی ئەو خانمە نەهاتووە، بەڵام ڕووخساری بەڕوونی دیارە. هەروەها پۆستەکە هەشتەگێکی تێدایە کە لە گفتوگۆکان لە سوریا بۆ پشتگیریکردنی ژنان بەکاردێت.

لە مانگی شوباتی 2023، بەکارهێنەرێکی فەیسبووک سێ جار ناوەڕۆکەکەی ریپۆرتکرد بە هۆی پێشێلکردنی ستانداردی کۆمەڵگەی مێتا سەبارەت توندوتیژی و هاندان. ئەگەر لە ماوەی 48 کاتژمێردا پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکدا نەکرێت، ئەوا بەشێوەیەکی خودکارانە ریپۆرتکردنەکە دادەخرێت، وەک ئەوەی لەم کەیسەدا ڕوویدا. ناوەڕۆکەکە نزیکەی دوو ساڵ لەسەر پلاتفۆرمەکە مایەوە و لەلایەن بەڕێوەبەرێکی مرۆڤەوە پێداچوونەوەی بۆ نەکرا.

ئەو بەکارهێنەرەی کە ناوەڕۆکەکەی ریپۆرتکردبوو، داوای تێهەڵچوونەوەی لە دژی بڕیارەکەی مێتا پێشکەش بە دەستەی چاودێری کرد. دوای ئەوەی کە دەستە ئەم کەیسەی هەڵبژارد، مێتا بڕیاری دا کە ناوەڕۆکەکە سیاسەتی تایبەت بە زۆرلێکردن و هەراسانکردن پشێل دەکات و پۆستەکەی سڕیەوە.

**دۆزینەوە سەرەکیەکان**

دەستەی چاودێری دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پۆستە سیاسەتی مێتا سەبارەت بە زۆرلێکردن و هەراسانکردن پێشێلدەکات چونکە گاڵتە بە برینداربوونی سەختی جەستەیی ئەو ژنە دەکات کە نیشاندراوە. لەبەر ئەمە، پێویستە لاببرێت.

بەڵام ئەگەر ئەو ژنەی کە نیشان درابوو نەناسرایەتەوە، یان ئەگەر هەمان نووسین وێنەی کارەکتەرێکی خەیاڵی لەگەڵدا بووایە، ئەم پۆستە ڕێساکانی مێتا سەبارەت بە زۆرلێکردن و هەراسانکردنی پێشێلنەدەکرد. ئەمەش ئەو ڕاستیە نیشانی دەستەی چاودێری دەدات کە کەلێنێک لە سیاسەتەکانی ئێستادا هەیە کە پێدەچێت ڕێگە بە ناوەڕۆکێک بدات کە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز بکاتە شتێکی ئاسایی. بە وتەی مێتا، پرۆسەیەکی ئەم دواییە بۆ داڕشتنی ستراتیژی سەبارەت بە ستایشکردنی کردەوەی توندوتیژی تا ڕادەیەکی زۆر تەرکیزی کردووەتە سەر دەستنیشانکردنی بۆشاییەکانی جێبەجێکردنی یاسا لە چارەسەرکردنی ستایشی توندوتیژیی ڕەگەزی لە چوارچێوەی ستراتیژییە جیاوازەکاندا. وەک بەشێک لەو پرۆسەیە، مێتا سیاسەتی تایبەت بە پرسی گاڵتەکردن یان نوکتە دروستکردن لەبارەی توندوتیژیی ڕەگەزی

لەبەرچاوگرت. مێتا بە دەستەی چاودێریی ڕاگەیاند کە کۆمپانیاکە گەیشتووە بەو بڕیارەی کە سیاسەتی زۆرلێکردن و هەراسانکردن بە گشتی ئەم ناوەڕۆکە دەگرێتەوە. بەڵام وەک لە نموونەکانی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، دەستەی چاودێری بۆی دەردەکەوێت کە سیاسەتەکانی ئێستا و جێبەجێکردنیان هەمیشە هەموو ناوەڕۆکێکی پەیوەندیدار ناگرێتەوە. هەروەها ئەم کەیسە هەندێ نیگەرانی دەوروژێنێت سەبارەت بەوەی کە چۆن مێتا یاساکانی خۆی سەبارەت بە زۆرلێکردن و هەراسانکردن جێبەجێدەکات. ناوەڕۆکی ئەم دۆسیەیە کە وێنەی چاڵاکوانێکی سوری تێدایە کە هێرشی جەستەیی کراوەتە سەر و چەندین جار لەلایەن بەکارهێنەرێکی فەیسبووکەوە ریپۆرتکراوە، لەلایەن بەڕێوەبەرێکی مرۆڤەوە پێداچوونەوەی بۆ نەکرابوو. ئەمە ڕەنگە ئەوە بگەیەنێت کە مێتا بۆ پێداچوونەوە ئەولەویەت نادات بەم جۆرە پێشێلکارییە.

**بڕیارەکەی دەستەی چاودێری**

دەستەی چاودێری بڕیارە سەرەتاییەکەی مێتا بۆ هێشتنەوەی ناوەڕۆکەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

دەستە پێشنیاری ئەوە دەکات کە مێتا:

- پرۆسەیەکی داڕشتنی سیاسەت دەستپێبکات بۆ دامەزراندنی سیاسەتێک بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناوەڕۆکێک کە توندوتیژیی ڕەگەزی دەکاتە شتێکی ئاسایی لە ڕێگەی ستایشکردن، پاساوهێنانەوە، شاییکردن یان گاڵتەکردن بە توندوتیژیی ڕەگەزی.

- لە ستانداردی کۆمەڵگەی مێتا سەبارەت بە زۆرلێکردن و هەراسانکردندا ڕوونی بکاتەوە کە زاراوەی «بارودۆخی پزیشکی» بابەتی «برینداربوونی سەختی جەستەیی»ش دەگرێتەوە.

* پوختەی کەیسەکان تێڕوانینێکی گشتیمان لەبارەی کەیسەکە پێدەدەن و بەهای پێشینەییان نییە.

<u>**بڕیاری تەواوی کەیسەکە**</u>

**بەشی 1: پوختەی بڕیار**

1. دەستەی چاودێری بڕیارە سەرەتاییەکەی مێتا بۆ هێشتنەوەی پۆستێکی فەیسبوک کە گاڵتە بە ئامانجێکی توندوتیژیی ڕەگەزی دەکات هەڵدەوەشێنێتەوە. مێتا دانی بەوەداناوە کە بڕیارە سەرەتاییەکەی هەڵە بووە، و ناوەڕۆکەکە سیاسەتی ئەم کۆمپانیایە سەبارەت بە [ملهوری و هەراسانکردن] پێشێلدەکات. پرۆسەیەکی داڕشتنی سیاسەت دەستپێبکات بۆ دامەزراندنی سیاسەتێک بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناوەڕۆکێک کە توندوتیژیی ڕەگەزی دەکاتە شتێکی ئاسایی لە ڕێگەی ستایشکردن، پاساوهێنانەوە، شاییکردن یان گاڵتەکردن بە توندوتیژیی ڕەگەزی. دەستەی چاودێری تێدەگات کە مێتا خەریکە پرۆسەیەکی داڕشتنی سیاسەت جێبەجێ دەکات کە بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن لەپاڵ هەندێ کێشەی تردا کێشەی ستایشکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی چارەسەر بکات. ئەم پێشنیارە پشتگیری لە ڕێبازێکی وردتر دەکات بۆ سنووردارکردنی ئەو زیانانەی کە بەهۆی بەئاسایی سەیرکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی دروستدەبن.

**بەشی 2: وەسفکردنی کەیس و پاشخان**

2. لە مانگی ئایاری 2021، بەکارهێنەرێکی فەیسبووک لە عێراق وێنەیەکی بڵاوکردەوە کە بە زمانی عەرەبی لە ژێریدا نووسرابوو. وێنەکەدا ژنێک نیشان دەدات کە نیشانەکانی هێرشی جەستەیی لە لەشیدا دیارە، لەوانە شینبوونەوەی دەموچاو و جەستەی. ژێرنووسەکە بە ئاگادارکردنەوەی ژنان لەبارەی هەڵەکردن لە کاتی نووسین بۆ هاوسەرەکانیان دەست پێ دەکات. ژێرنووسەکە دەڵێت ئەو ژنەی لە وێنەکەدا دیارە نامەیەکی بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە کە ئەو بەهۆی هەڵەی تایپی ژنەکە لە کاتی نووسینی نامەکە خراپ لێی تێگەیشتووە. بەپێی پۆستەکە، مێردەکە پێی وابووە ژنەکە داوای لێکردووە «گوێدرێژێکی» بۆ بهێنێت، لەکاتێکدا لەڕاستیدا داوای «لەچکێکی» لێکردووە. لە زمانی عەرەبیدا دوو وشەی «کەر» و «لەچک» لەیەک

دەچن («حمار» و «خمار»). پاشان ژێرنووسەکە گاڵتە بەم بارودۆخە دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژنەکە ئەوەی بە دەست هێناوە کە بەپێی هەڵەکەی شایەنی بووە. لە سەدانسەری پۆستەکەدا چەندین ئیمۆجی پێکەنین و زەردەخەنە هەیە.

3. بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەک، ئەو ژنەی لە وێنەکەدا نیشان دراوە، چالاکوانێکی سوورییە کە پێشتر لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە زیندانی کراوە و دواتر لەلایەن کەسانێکەوە لێی دراوە کە پێ دەچێت پەیوەندییان بەو ڕژێمەوە هەبووبێت. پێشتری وێنەی ئەو لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە. لە ژێرنووسەکەدا ناوی ئەو خانمە نەهاتووە، بەڵام رووخساری بەڕوونی دیارە. هەروەها، پۆستەکە هەشتەگێکی تێدایە کە بەپێی ئەو پسپۆڕانەی کە دەستەی چاودێری ڕاوێژی پێیان کردووە، زیاتر لەلایەن ئەو پەیج و گروپەکانەوە بە کار دەهێنرێت کە لە گفتوگۆکانی سووریادا پشتگیری لە ژنان دەکەن. پۆستەکە نزیکەی 20000 بینەر و کەمتر لە 1000 کاردانەوەی هەبووە.

4. لە مانگی فێبریۆری 2023، بەکارهێنەرێکی فەیسبووک سێ جار ناوەڕۆکەکەی ڕاپۆرت کرد بەهۆی پێشێلکردنی ستانداردی کۆمەڵگەی مێتا سەبارەت [توندوتیژی و هاندان](). ڕاپۆرتەکان بەبێ پێداچوونەوەی مرۆیی داخران و ناوەڕۆکەکە لەسەر پلاتفۆرمەکە مایەوە. مێتا بە دەستەی چاودێریی وتووە کە کۆمەڵێک سیگناڵ لە بەرچاو دەگرێت بۆ دیاریکردنی چۆنیەتیی ئەولەویەتدان بە ناوەڕۆک بۆ پێداچوونەوەی مرۆیی، کە بریتیین لە ڤایەراڵبوونی ناوەڕۆکەکە و ئەوەی کە کۆمپانیاکە تا چەند ئەو جۆرە پێشێلکارییە بە توند دەزانێت. ئەگەر لە ماوەی 48 کاتژمێردا پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکەکە نەکرێت، ڕاپۆرتەکە ئۆتۆماتیک دادەخرێت. لەم کەیسەدا، ناوەڕۆکەکە نزیکەی پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار ڕاپۆرت بکرێت، ماوەی دوو ساڵ لەسەر پلاتفۆرمەکە مایەوە. دوای ئەوەی ڕاپۆرت کرا، لە ماوەی 48 کاتژمێردا پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ نەکرا و بەم شێوەیە ڕاپۆرتەکە ئۆتۆماتیک داخرا.

5. ئەو بەکارهێنەرەی کە ناوەڕۆکەکەی ڕیپۆرتکردبوو، داوای تێهەڵچوونەوەی لە دژی بڕیارەکەی مێتا پێشکەش بە دەستەی چاودێری کرد. دوای ئەوەی کە دەستە ئەم کەیسەی هەڵبژارد، مێتا بڕیاری دا کە ناوەڕۆکەکە سیاسەتی تایبەت بە زۆرلێکردن و هەراسانکردن پشێل دەکات و پۆستەکەی سڕیەوە.

6. دەستەی چاودێری بۆ گەیشتن بە بڕیارەکەی لەم کەیسەدا ئاماژە بەم بەستێنەی خوارەوە دەکات. ئەم ناوەڕۆکە لەلایەن بەکارهێنەرێکەوە لە عێراق بڵاو کراوەتەوە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، مەزەندە دەکرێت کە نزیکەی 1.32 ملیۆن کەس لە [عێراق]() مەترسیی بەرکەوتنی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیت ڕەگەزییان لەسەرە. زۆرینەیان ژنان و کچانی مێرمنداڵن. سەرەڕای [بانگەوازی دووبارە]() لەلایەن گروپەکانی ژنانەوە بۆ دەرکردنی یاسا لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، ڕەشنووسی یاسایەک ڕاگیراوە و [یاسای سزادانی ئێستا]() ڕێگە بە مێردەکان دەدات وەک بەکارهێنانی مافێکی یاسایی خۆیان ژنەکانیان [سزا بدەن]() و سزای کەمتر بۆ کوشتن دابین دەکات کاتێک پەیوەندی بە «کوشتنی شەرەف»ەوە هەبێت.

7. ئەو چالاکوانەی لە وێنەکەدا نیشان دراوە خەڵکی سوریایە. بە وتەی [نەتەوە یەکگرتووەکان]()، «زیاتر لە دە ساڵ ململانێ لە سوریا کاریگەرییەکی بەرچاوی ڕەگەزی لەسەر ژنان و کچان هەبووە.» 7.3 ملیۆن سوری کە زۆرینەیان ژن و کچن، پێویستیان بە خزمەتەکانی پەیوەست بە توندوتیژیی ڕەگەزی هەیە. ناتەواوبوونی چوارچێوەی یاسای نیشتمانی و ڕەفتاری جیاکارانە بەربەستن لە بەردەم پاراستنی ژنان و ڕێگری لە لێپرسینەوەی کاریگەر بەرامبەر بە توندوتیژی دژی ژنان. ([ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر سووریا]() , لاپەڕەی 5 تا 9) ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە بەرفراوانبوونی دیاردەی لێنەپێچینەوەی توندوتیژیی ڕەگەزی و بەدناوکردنی قوربانیان یان ڕزگاربووانی توندوتیژیی ڕەگەزی دەکات، کە بووەتە هۆی دوورخستنەوە و زیاتر سنووردارکردنی بەشداریکردنیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ڕژێم [ژنانی]() پەیوەست بە ئۆپۆزسیۆنی کردۆتە ئامانج و ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسی بەرامبەریان دەکات.

8. بەپێی [توێژینەوەیەک]() کە لەلایەن «ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان»ەوە ئەنجام دراوە، نزیکەی نیوە (لەسەدا 49)ی ژنانی بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە هەشت وڵاتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی ڕایانگەیاندووە کە بەهۆی هەراسانکردنی ئۆنلاین هەست بە نەبوونی ئاسایش دەکەن. هەمان توێژینەوە دەریخستووە «لەسەدا 33ی ئەو ژنانەی کە تووشی توندوتیژیی ئۆنلاین بوونە ڕاپۆرتیان کردووە کە هەموو یان بەشێک لە ئەزموونی توندوتیژیی ئۆنلاینی ئەوان گوازراوەتەوە بۆ دنیای

ئۆفلاین.» توندوتیژیی ئۆنلاین بەم شێوەیە پێناسە کرا کە بریتی بوو لە وەرگرتنی وێنە یان هێمای نەخوازراو بە ناوەڕۆکی سێکسییەوە؛ پەیوەندیی تەلەفۆنیی بێزارکەر، پەیوەندیی نەگونجاو یان نەخوازراو؛ و وەرگرتنی پەیامی سووکایەتیکەر وە یان ڕقاوی. بەپێی ڕاپۆرتێکی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، توندوتیژیی ئۆنلاین «لە ڕێگەی سووککردن، شەرمەزارکردن، ترساندن و بێدەنگکردنەوە ڕێگری دەکات لە بەشداریکردنی یەکسان و مانادار لە ژیانی گشتیدا. ئەمە «کاریگەرییەکی ساردکەرەوە' هەیە، کە دەبێتە هۆی دڵساردکردنی ژنان لەوەی کە چالاکانە لە ژیانی گشتیدا بەشداری بکەن.» (302/77/A، برگەی 22)

**بەشی 3: دەسەڵات و مەودای کاری دەستەی چاودێری**

9. دەستەی چاودێری دەسەڵاتی هەیە پێداچوونەوە بە بڕیارەکەی مێتادا بکات دوای تانەدان لەلایەن کەسێکەوە کە پێشتر ناوەڕۆکێکی ڕاپۆرت کردووە کە وەکوو خۆی ماوەتەوە (مادەی 2ی چارتەر، بەشی 1، پەیڕەوی ناوخۆ مادەی 3 بەشی 1).

10. دەستەی چاودێری دەتوانێت بڕیارەکەی مێتا پشتڕاست بکاتەوە یان هەڵبوەشێنێتەوە (مادەی 3ی چارتەر، بەشی 5)، و ئەم بڕیارە پابەندکەرە بۆ کۆمپانیاکە (مادەی 4ی چارتەر). هەروەها مێتا دەبێت هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئیمکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی سەبارەت بە ناوەڕۆکی هاوشێوە لەگەڵ بەستێنی هاوتەریب (مادەی 4ی میساق). بڕیارەکانی دەستەی چاودێری لەوانەیە هەندێ پێشنیاری ناپابەندکەریان تێدا بێت کە مێتا دەبێت وەڵامیان بداتەوە (مادەی 3ی چارتەر، بەشی 4؛ مادەی 4). لەو شوێنانەی کە مێتا پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی پێشنیارەکان، دەستەی چاودێری سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکات.

11. کاتێک دەستەی چاودێری هەندێ کەیس وەک ئەمەی ئێستا هەڵدەبژێرێت، کە تێدا دواتر مێتا دان بەوەدا دەنێت کە هەڵەی کردووە، دەستە پێداچوونەوەی بڕیارە سەرەتاییەکە دەکات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پرۆسەی هەموارکردنی ناوەڕۆک و پێشنیارکردن بۆ کەمکردنەوەی هەڵەکان و زیادکردنی دادپەروەری بۆ ئەو کەسانەی کە فەیسبووک و ئینستاگرام بە کار دەهێنن .

**بەشی 4: سەرچاوەکانی دەسەڵات و ڕێنمایی**

12. ئەم ستاندارد و پێشنەیانەی خوارەوە وەکوو سەرچاوەی زانیاری بۆ شیکاریەکانی دەستەی چاودێری لەم کەیسەدا بە کار هێنران:

I. بڕیارەکانی دەستەی چاودێری:

13. پەیوەندیدارترین بڕیارەکانی پێشووی دەستەی چاودێری بریتین لە:

- کارتۆنی کنین، FB-UA-001-2022.
- قسەی ناشرینەکانی ئەفریقای باشوور، FB-UA-011-2021.
- نارەزایەتییەکانی لایەنگرانی ناڤالنی لە ڕووسیا، FB-UA-004-2021.
- وێناکردنی زوارتێ پیت، FB-UA-002-2021.
- ئەرمەنییەکان لە ئازەربایجان، FB-UA-003-2020.

II. سیاسەتەکانی ناوەڕۆکی مێتا:

14. ستانداردی کۆمەڵگە سەبارەت بە ملهوڕی و هەراسانکردن مەبەستی ڕێگریکردنە لە بەئامانجکردنی تاکەکان لەسەر پلاتفۆرمی مێتا لەڕێگەی هەڕەشە و فۆرمە جیاوازەکانی پەیوەندیی زیانبەخشەوە. بەپێی مەنتقی سیاسەتی مێتا، ئەم جۆرە ڕەفتارانە «ڕێگری دەکەن لەوەی کە خەڵک لە فەیسبووکدا هەست بە سەلامەتی و ڕێزگرتن بکەن.» ستانداردی کۆمەڵگە بەسەر چەند پلەدا دابەش کراوە، بە شێوەیەک کە پاراستنی زیاتر دابین کراوە بۆ کەسانی تایبەت و کەسایەتییە گشتییە سنووردارەکان لە چاو کەسایەتییە گشتییەکان.

15. کاتێک ناوەڕۆکەکە لەلایەن مێتاوە پێداچوونەوەی بۆ کرا و دەستەی چاودێری دەستی بە پێداچوونەوەکەی کرد، پلە 4ی ستانداردی کۆمەڵگە سەبارەت بە ملهوڕی و هەراسانکردن ڕێگری کرد لە بەئامانجکردنی کەسانی تایبەت یان کەسایەتییە گشتییە سنووردارەکان لەڕێگەی «ناوەڕۆکێک کە ستایش، شایی یان گاڵتە بە مردن یان بریندارbوونی سەختی جەستەییان دەکات.» ستانداردی کۆمەڵگە کەسایەتییە گشتییە سنووردارەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «ئەو کەسانەی کە ناوبانگی سەرەکییان پەیوەستە بە چالاکییەکانیان، ڕۆژنامەگەرییان، یان ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی نائیرادییەوە ناوبانگ دەردەکەن.» مێتا لە وەڵامی پێشنیاری دەستەی چاودێری لە نارەزایەتییەکانی لایەنگرانی ناڤالنی لە رووسیا ئەم پێناسەیەی ئاشکرا کرد، FB-UA-2021-004. ڕێنماییە ناوخۆییەکانی مێتا بۆ هەموارکەرانی ناوەڕۆک «گاڵتەکردن» بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «هەوڵێکە بۆ نوکتە دروستکردن، پێکەنین، یان سووکایەتیکردن بە کەسێک یان شتێک.»

16. لە 29ی جوون، مێتا ستانداردی کۆمەڵگەی نوێ کردەوە. بەپێی پلەی 1ی سیاسەتی ئێستا، هەموو کەسێک لە «شاییکردن یان گاڵتەکردن بە مردن یان بارودۆخی پزیشکیی [خۆی]» پارێزراوە.

17. بنەمای شیکارییەکانی دەستەی چاودێری بریتی بوو لە پابەندبوونی مێتا بە «دەنگ» کە کۆمپانیاکە وەک «گرنگترین شت» وەسفی دەکات، لەگەڵ بەهاکانی «سەلامەتی» و «کەرامەت».

## III. بەرپرسیارێتیەکانی مافی مرۆڤی مێتا

18. پرنسیپە ڕێنیشاندەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بازرگانی و مافەکانی مرۆڤ (UNGPs) کە لەلایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی 2011 پەسەند کراوە، چوارچێوەیەکی خۆبەخشانە بۆ بەرپرسیارێتیەکانی بازرگانیە تایبەتەکان لە بواری مافی مرۆڤدا دادەمەزرێنن. لە ساڵی 2021، مێتا سیاسەتی مافی مرۆڤی کۆمپانیای خۆی ڕاگەیاند، کە تێیدا پابەندبوونی خۆی بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەپێی «بنەما ڕێنیشاندەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بازرگانی و مافەکانی مرۆڤ» (UNGPs) دووپات کردەوە.

19. شیکارییەکانی دەستەی چاودێری سەبارەت بە بەرپرسیارێتیەکانی مافی مرۆڤی مێتا لەم کەیسەدا بە پشتبەستن بە ستاندارەدە نێودەوڵەتیەکانی خوارەوە بووە:

- مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕین: مادەی 19، پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR)، سەرنجی گشتی ژمارە 34، لیژنەی مافی مرۆڤ، 2011؛ ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین، ڕاپۆرتەکانی: A/HRC/38/35 ساڵی (2018) و A/74/486بنەما ڕێنماییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بازرگانی و مافەکانی مرۆڤ (2019)؛ و جارنامەی هاوبەش سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین و دادپەروەریی ڕەگەزی ، ڕاپۆرتدەرانی تایبەت سەبارەت بە ئازادیی بیروڕا و دەربڕینی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا (OSCE)، ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا (OAS)، کۆمیسیۆنی ئەفریقا بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان (ACHPR) ساڵی (2022).

- مافی جیاکاری نەکردن: مادەی 2، برگەی 1، ICCPR؛ مادەی 1 و مادەی 7 (جیاکاری نەکردن لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و گشتیی وڵات)، مادەی (1)4 و مادەی (a)5، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنان (CEDAW) و مادەی 8ی جاڕنامەی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، مافی دەستڕاگەیشتنی کاریگەر، لەسەر بنەمایەکی بێ جیاکاری، بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی؛ بڕیارنامەی 18/35ی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ، 2017؛ ڕاپۆرتدەری تایبەت بە باردۆخی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ. ڕاپۆرت: 60/40/A/HRC ساڵی (2019)؛ ڕاپۆرتدەری تایبەت سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان و هۆکار و دەرئەنجامەکانی، ڕاپۆرت: 47/38/A/HRC ساڵی (2018).

**بەشی 5: ئەو شتانەی کە بەکارهێنەر ناردوویە**

20. دوابەدوای ڕاپۆرتی بەکارهێنەرێکی فەیسبووک سەبارەت بە ناوەڕۆکەکە و ناردنی داوای پێداچوونەوە بۆ دەستەی چاودێری، هەم ئەو بەکارهێنەرەی ناوەڕۆکەکەی دروست کردووە و هەم ئەو بەکارهێنەرەی کە ڕاپۆرتی کردووە پەیامێکیان بۆ نێردرا کە لە دەرەنجامی پێداچوونەوەی دەستە ئاگاداریانی کردەوە و دەرفەتێکی پێیان دا کە بەیاننامەیەک بنێرن بۆ دەستە. هیچ کام لە بەکارهێنەران بەیاننامەیان نەنارد.

**بەشی 6: ئەو شتانەی مێتا ناردوویە**

21. لە مەنتقی بڕیارەکەیدا، مێتا ڕوونی کردەوە کە دەبوو ناوەڕۆکەکە لە فەیسبووک لاببرایە بەهۆی پێشێلکردنی سیاسەتی ملهوڕی و هەراسانکردن.

22. تیمی ناوچەیی مێتا ناسنامەی ئەو ژنەیان دیاری کردووە کە وەک چالاکوانێکی ناسراوی سوری نیشان دراوە و بەهۆی چالاکییەکەیەوە زیندانی کراوە. بەپێی ڕاپۆرتی مێتا، ئەو وێنەیەی لە پۆستەکەدا هاتووە ئەو چالاکوانە نیشان دەدات دوای ئەوەی لەلایەن کەسانی سەر بە ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە لێی دراوە.

23. بە پشتبەستن بەو سیاسەتەی لەو کاتەدا هەبوو، مێتا ڕایگەیاند کە ناوەڕۆکەکە بە گاڵتەکردن بە برینداربوونی سەختی جەستەی ئەو ژنە دەزانێت کە نیشان دراوە، هەر بۆیەش ئەمە سیاسەتەکە پێشێل دەکات. مێتا ئەو ژنەی لە وێنەکەدا نیشان دراوە بە کەسایەتییەکی گشتی سنووردار دەزانێت، چونکە ناوبانگی سەرەکییەکەی سنووردارە بە چالاکییەکانی. مێتا تێدەگات کە ناوەڕۆکەکە گاڵتە بە برینەکانی ئەو ژنە دەکات و ئەو دەگەیەنێت کە ئەو «بەهۆی 'کارما'وە ئەوەی هێناوەتە سەر خۆی." بە وتەی مێتا، ناوەڕۆکەکە چیرۆکێکیش «دروست دەکات« کە باس لەوە دەکات ئەو ژنە لە نامەیەکدا وشەکانی خراپ بە کار هێناوە، و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ژنە زیرەک نیە، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا لە ئەنجامی هێرشێکی توندوتیژدا تووشی ئەم برینانە بووە.

24. دوای نوێکردنەوەی سیاسەتەکەی، مێتا بە دەستەی چاودێریی وت کە ناوەڕۆکەکە دیسان هەر پێشێلکارییە، و نوێکردنەوەکە کاریگەری لەسەر ئەو پاراستنە جەوهەرییە نابێت کە سیاسەتەکە بۆ ئەو ژنەی دابین دەکات کە نیشان دراوە. بە وتەی مێتا، «ئەو نوێکردنەوەی سیاسەتی ملهوڕی و هەراسانکردن بە مەبەستی کاریگەرترکردن سیاسەتەکە بووە. نوێکردنەوەکە ئەو پاراستنانەی نەگۆڕی کە بۆ کەسایەتییە گشتیە سنووردارەکان دابین دەکرا، لەوانە ئەو ژنەی کە لە ناوەڕۆکی کەیسەکەدا دەستنیشان کرابوو. ئەو دێڕە پەیوەندیدارەی کە [مێتا] بەپێی ئەو ئەم ناوەڕۆکەی لابردووە، سەرەتا لە پلەی 4ی سیاسەتەکەدا بووە، بەڵام لە ئەنجامی نوێکردنەوەکەدا ئێستا بەشێکە لە پلەی 1.»

25. دەستەی چاودێری بە نووسراوی 11 پرسیاری لە مێتا کرد. پرسیارەکان پەیوەندییان هەبوو بە سیاسەتەکانی مێتا سەبارەت بە ناوەڕۆکێک کە توندوتیژیی ڕەگەزی نیشان دەدات، ئەوەی کە مێتا چۆن سیاسەتی تایبەت بە ملهوڕی و هەراسانکردن جێبەجێ دەکات، و ئایا لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی نیشاندانی توندوتیژیی ڕەگەزی لە میدیا کۆمەڵایەتیەکان و زیانەکانی ئۆفلاین کراوە. دە

پرسیار وەڵام درانەوە و پرسیارێک کە داوای داتای جێبەجێکردنی ناوچەیی دەکرد بۆ سیاسەتی ملهوڕی و هەراسانکردن، وەڵام نەدرایەوە.

**بەشی 7: سەرنجە گشتیەکان**

26. دەستەی چاودێری 19 سەرنجی گشتی بۆ ئەم کەیسە وەرگرت. سێ سەرنج لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقاوە پێشکەش کران، دوو سەرنج لە ئاسیای ناوەڕاست و باشوورەوە پێشکەش کران، دوو سەرنج لە ئاسیا پاسیفیک و ئۆقیانووسیەوە پێشکەش کران، سێ سەرنج لە ئەوروپاوە پێشکەش کران، هەشت سەرنج لە ئەمریکا و کەنەداوە پێشکەش کران، یەک سەرنجیش لە ئەمریکای لاتین و کاریبییەوە پێشکەش کران.

27. بابەتە پێشکەشکراوەکان ئەم تەوەرانەیان گرتەوە: هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی و بەئامانجکردنی ژنانی چالاکوان و کەسایەتییە گشتیەکان، دەرئەنجامە جدییەکانی ڕەهەندی دیجیتاڵی توندوتیژیی ڕەگەزی لەسەر سەلامەتی و تەندروستیی جەستەیی و دەروونی و کەرامەتی ژنان، و سەختیی ئاگادارکردنەوەی هەموارکرانی ناوەرۆک - کە ڕەنگە لە شێوەزاری ناوچەیی پەیوەندیدار تێنەگەن - لە توندوتیژی ئۆنلاین دژی ژنان.

28. بۆ خوێندنەوەی سەرنجە گشتیەکان کە بۆ ئەم کەیسە پێشکەش کراون، تکایە لێرە کلیک بکە.

**بەشی 8: شیکاریی دەستەی چاودێری**

29. دەستەی چاودێری بە شیکردنەوەی سیاسەتەکانی ناوەڕۆک و بەرپرسیارێتیی مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی مێتا لێکۆڵینەوەی لەوە کرد کە ئایا ئەم ناوەڕۆکە دەبێ لابرێت یان نا. هەروەها دەستەی چاودێری کاریگەرییەکانی ئەم کەیسەی بۆ ڕێبازی فراوانتری مێتا بۆ بەڕێوەبردنی ناوەڕۆک هەڵسەنگاند، و هەندێ پێشنیاری پێشکەش کرد سەبارەت بەوەی کە چۆن سیاسەت و پرۆسەکانی جێبەجێکردنی مێتا دەتوانن باشتر ڕێز لە بەرپرسیارێتیەکانی مافی مرۆڤی مێتا بگرن.

30. دەستەی چاودێری ئەم داوای پێداچوونەوەی هەڵبژارد چونکە دەرفەتێک دەرەخسێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن سیاسەت و جێبەجێکردنی مێتا باس چارەسەر دابین دەکات بۆ ئەو ناوەڕۆکانە کە ژنانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەکەنە ئامانج و ئەو ناوەڕۆکانە کە گاڵتە بە توندوتیژیی ڕەگەزی دەکەن، هەوەها بۆ ئەو کێشانەی کە دەستە لە ڕێگەی ئەولەویەتی ستراتیژیکی خۆیەوە سەبارەت بە ڕەگەز سەرنج دەخاتە سەریان.

**بەشی 8.1 پابەندبوون بە سیاسەتەکانی ناوەڕۆکی مێتا**

I. ڕێساکانی ناوەڕۆک

31. دەستەی چاودێری بۆی دەردەکەوێت کە ئەو پۆستە پێشێلی سیاسەتی مێتا دەکات سەبارەت بە ملهوڕی و هەراسانکردن، چ لەو کاتەدا و چ بەپێی سیاسەتی نوێکراو، وە پێویستە لابرێت. ژێنووسی ئەو پۆستە کاتێک لەگەڵ وێنەکە دەخوێنرێتەوە سیاسەتی مێتا پێشێل دەکات، چونکە گاڵتە بە برینداربوونی سەختی جەستەیی یان بارودۆخی پزیشکی ئەو ژنە دەکات کە نیشان دراوە.

32. ڕێنماییە ناوخۆییەکانی مێتا بۆ هەموارکەرانی ناوەڕۆک «گاڵتەکردن» بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «هەوڵێکە بۆ نوکتە دروستکردن، پێکەنین، یان سووکایەتیکردن بە کەسێک یان شتێک.» لە شێوەی گاڵتەدا، ناوەڕۆکەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ژنە کە نیشان دراوە شایەنی هێرشی جەستەیی بووە بۆ ئەو هەڵە تایبیە کە لە داواکارییەکەیدا لە هاوسەرەکەی کردوویە.

33. بە وتەی مێتا، ئەو ڕێنماییە ناوخۆییانەی کە پێشکەش بە هەموارکەرانی ناوەرۆک دەکرێن، «بارودۆخی پزیشکی» وەها پێناسە دەکات کە «برینداربوونی سەخت»یش دەگرێتەوە. پێش نوێکردنەوەکەی 29ی جوون، سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی، گاڵتەکردن بە «برینداربوونی سەختی جەستەیی»" کەسێکی تایبەت یان کەسایەتییەکی گشتی سنووورداری قەدەغە دەکرد، و

هاوکات ڕێنماییە ناوخۆییەکان کە دەدران بە هەموارکەران، گاڵتەکردن بە «دۆخی پزیشکی»ی ئەوانی قەدەغە دەکرد. دەستەی چاودێری پرسیاری لە مێتا کرد سەبارەت بە ناتەبایی ئەو زاراوانەی کە لە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی و ڕێنماییە ناوخۆییەکاندا بە کار هێنراون. مێتا دانی بەو ناتەباییەدا نا و سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی خۆی هەموار کردەوە بۆ ئەوەی هەمان زاراوە بە کار بهێنێت کە لە ڕێنماییە ناوخۆییەکانیدا بە کار هاتووە.

34. دەستەی چاودێری بۆی دەردەکەوێت کە پۆستەکە چەندین لێکدانەوەی مەقبوولی هەیە. لەوانەیە ژنەکە وەک داکۆکیکاری مافی مرۆڤ یان وەک ئامانجێکی بەدڕەفتاری یان هەردووکیان بکرێتە ئامانج. لێکدانەوە جیاوازەکان لە خوارەوە زیاتر شی دەکرێنەوە. بەبێ گوێدانە لێکدانەوەکە، ڕەگەزی کەسی نیشاندراو و سروشتی ڕەگەزیی گاڵتەکردنەکە، لەم کەیسەدا ئەگەر ئەو کەسەی کە نیشان دراوە بناسرێتەوە، سیاسەتەکە پێشێل دەکرێت.

II. هەنگاوی جێبەجێکردن

35. دەستەی چاودێری نیگەرانە لە ئاستەنگە ئەگەرییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم ستانداردە کۆمەڵایەتیە. یەکەم، ناوەڕۆکی ئەم دۆسیەیە کە وێنەی چالاکوانێکی سوری تێدایە کە هێرشی جەستەیی کراوەتە سەری و چەندین جار لەلایەن بەکارهێنەرێکی فەیسبووکەوە ڕاپۆرت کراوە، لەلایەن هەموارکەرێکی مرۆڤەوە پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە. ئەمە دەتوانێت ئەوە بگەیەنێت کە ئەم جۆرە پێشێلکارییە لە ئەولەویەتدا نییە بۆ پێداچوونەوە. دووەم، دەستەی چاودێری نیگەرانە لەوەی کە جێبەجێکردنی سیاسەتەکە، بە تایبەت کاتێک پێویستی بە شیکردنەوەی وێنەیەک هەیە لەگەڵ ژێرنووسەکەیدا، بۆ ناوەڕۆکی زمانی عەرەبی ئاڵنگاری بێت. وەک پێشتر دەستەی چاودێری ڕوونی کردۆتەوە، مێتا بۆ جێبەجێکردنی ستانداردە کۆمەڵایەتییەکانی پشت بە تێکەڵەیەک لە هەموارکەرانی مرۆیی و ئامرازەکانی فێربوونی ماشین دەبەستێت کە ناسراون بە پۆلێنکەر. (بڕوانە [پشتێنەی وامپوم](#)، FB-UA-012-2021). لەم کەیسەدا، مێتا دەستەی چاودێری ئاگادار کردەوە کە کۆمپانیاکە پۆلێنکەرێکی هەیە کە بابەتی «ملهوڕی و هەراسانکردن» بۆ «زمانی گشتی عەرەبی» دەکاتە ئامانج.

36. دەستەی چاودێری ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕاپۆرتی سەربەخۆی [لێکۆڵینەوەی پێویستی مافی مرۆڤ](#) کە لەلایەن BSR ەوە بڵاو کراوەتەوە و مێتا لە وەڵامی پێشنیاری دەستە لە [کەیسێکی پێشووتردا](#) فەرمانی ئامادەکردنی داوە، ئاماژە بە کێشەکانی جێبەجێکردنی مێتا بە زمانی عەرەبی کراوە. بۆی دەرکەوتووە کە کێشەکانی کۆمپانیاکە لە جێبەجێکردندا ڕەنگە بەهۆی ناکافیبوونی هەستیار بە زاراوە جیاوازەکانی زمانی عەرەبی بێت. بەپێی دۆزینەوەکانی ڕاپۆرتی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی پێویست لە مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی جێبەجێکردن لەم کەیسەدا، دەستەی چاودێری نیگەرانە کە ڕەنگە تەحەددا هەبێت لەگەڵ هەردوو ڕێگای پێشگری و کاردانەوەدا بۆ جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەم سیاسەتە لە ناوچەکەدا. هەروەها نەبوونی شەفافیەت لە پرۆسەی وردبینی لە ئەو پۆلێنکەرانەی کە ئەم سیاسەتە جێبەجێ دەکەن، جێگەی نیگەرانییە بۆ دەستەی چاودێری.

**بەشی 8.2 پابەندبوون بە بەرپرسیارێتیەکانی مافی مرۆڤی مێتا**

37. دەستەی چاودێری بۆی دەرکەوتووە کە بڕیاری سەرەتایی مێتا بۆ هێشتنەوەی ئەو پۆستە لەگەڵ بەرپرسیارێتی مافەکانی مرۆڤی ئەم کۆمپانیایە وەک بزنسێک ناتەبا بووە.

1. ئازادی ڕادەربڕین (مادەی 19ی ICCPR)

38. مادەی 19 بڕگەی 2، لە [پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان](#) (ICCPR) باس لەوە دەکات کە «هەموو کەسێک دەبێ مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەبێت؛ ئەم مافە ئازادی گەڕان و وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و بیرۆکە بە هەموو جۆرەکانیەوە دەگرێتەوە، بەبێ گوێدانە سنوورەکان، چ بە شێوەی زارەکی، چ نووسراو یان چاپکراو، بە شێوەی هونەر، یان لە ڕێگەی هەر میدیایەکی دیکەوە کە خۆی هەڵیبژێرێت.» مادەی 19 پاراستنی بەرفراوان بۆ دەربڕین دابین دەکات، لەوانەش دەربڕینێک کە ڕەنگە خەڵک بە هێرشبەرانەی بزانن (سەرنجی گشتی 34، بڕگەی 11).

39. مافی ئازادی ڕادەربڕین بنەڕەتییە، بەڵام ڕەها نییە. لەوانەیە سنووردار بکرێت، بەڵام سنووردارکردنەکان دەبێت مەرجەکانی یاسایی بوون، ئامانجی ڕەوا، پێویستی و موناسببوون بە دی بهێنن (مادەی 19، برگەی 3ی ICCPR). دەستەی چاودێری دانی بەوە داناوە کە هەرچەند ICCPR هیچ پابەندبوونێک بۆ مێتا دروست ناکات بەو شێوەی کە بۆ دەوڵەتەکان دروستی دەکات، مێتا پابەند بووە بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەو شێوەی کە لە UNGPs دا هاتووە. (486/74/A، برگەی 47 تا 48). سیاسەتەکانی مێتا هەندێک جۆری قسەی جیاکارانە و ڕقاوی قەدەغە دەکەن، بەڵام مەرج نییە هەر پارچە ناوەڕۆکێک ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ هاندەری توندوتیژی یان جیاکاری بێت. ڕاپۆرتدەری تایبەت سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین ئاماژەی بەوە کردووە کە لە میدیا کۆمەڵایەتیەکاندا، «قەبارە و ئاڵۆزی بەرەنگاربوونەوەی دەربڕینی ڕقاوی، تەحەدایەکی درێژخایەنە.» ( 35/38/A/HRC ، برگەی 28) دەستەی چاودێری بە سوودوەرگرتن لە ڕێنماییەکانی ڕاپۆرتدەری تایبەت، پێشتر ڕوونی کردووەتەوە کە ئەم جۆرە قەدەغەکردنانە ئەگەر لەلایەن حکومەتێکەوە بسەپێندرێت نیگەرانی دروست دەکەن، بەتایبەت ئەگەر لە ڕێگەی سزای تاوان یان مەدەنییەوە جێبەجێ بکرێن. وەک دەستەی چاودێری لە بڕیارەکانیدا لە دۆسیەکانی کارتۆنی کنین، وێناکردنی زوارتێ پیت، و قسەی ناشرینەکانی ئەفریقای باشوور ئاماژەی پێ کردووە، مێتا دەتوانێت دەربڕینی لەو جۆرە ڕێک بخات، پێویستی و موناسببوونی کردارەکانی نیشان دەدات بەهۆی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ناوەڕۆکەوە دروست دەبن.

I. یاسایی بوون (ڕوونی و دەستڕاگەیشتن بە ڕێساکان)

40. هەر سنووردارکردنێک بۆ ئازادی ڕادەربڕین پێویستە بەرچاو و ڕوون بێت لە ڕووی مەودا و مانا و کاریگەرییەوە بۆ ئەوەی ڕێنمایی بەکارهێنەران و پێداچوونەوەکارانی ناوەڕۆک بکات سەبارەت بەوەی کە چ ناوەڕۆکێک لە پلاتفۆرمەکەدا ڕێگەپێدراوە و چ ناوەڕۆکێک ڕێگەپێدراو نییە. نەبوونی ڕوونی یان وردبینی دەتوانێت ببێتە هۆی جێبەجێکردنی ناتەبا و دڵبخوازانەی ڕێساکان (سەرنجی گشتیی ژمارە 34، برگەی 25؛ 35/38 /A/HRC، برگەی 46).

41. دەستەی چاودێری ئاماژە بەوە دەکات کە مێتا لە 29ی جووندا گۆڕانکاری لە ستانداردی کۆمەڵگەدا کردووە و ئەو زاراوەیانەی کە لە ستانداردی کۆمەڵگەی مێتا سەبارەت بە ملهوڕی و هەراسانکردنی ڕووبەڕووی گشتیی و لە ڕێنماییە ناوخۆییەکانی بۆ هەموارکەرانی ناوەڕۆک بە کار هێنراون، یەک خستووە. پێش ئەم گۆڕانکارییە، ستانداردی کۆمەڵگە گاڵتەکردن بە ناوەڕۆکی «بریندرابوونی سەختی جەستەیی» قەدەغە دەکرد لە حاڵێکدا ڕێنماییە ناوخۆییەکان گاڵتەکردن بە «بارودۆخێکی پزیشکی»ی قەدەغە دەکرد. دەستەی چاودێری پێشوازی لەم گۆڕانکارییە دەکات چونکە بەکارهێنانی زاراوەی جیاواز لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێوان و جێبەجێکردنی ناتەبا. بەڵام دەستەی چاودێری نیگەرانە لەوەی کە ڕەنگە بۆ بەکارهێنەران ڕوون نەبێت کە «بارودۆخی پزیشکی» بابەتی «بریندرابوونی سەختی جەستەیی»یش لە خۆ دەگرێت و پێشنیاری ئەوە دەکات کە مێتا ئەمە بۆ بەکارهێنەرانی ڕوون بکاتەوە.

II. ئامانجی ڕەوا

42. ئەو سنوورانەی کە دەوڵەت بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دایدەنێت دەبێت ئامانجێکی ڕەوای هەبێت، کە پاراستنی مافی کەسانی دیکە لە خۆ بگرێت. لیژنەی مافی مرۆڤ زاراوەی «مافەکان»ی بە شێوەیەک تەفسیر کردووە کە مافەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە لە ICCPR و بە شێوەیەکی گشتی لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤدا دانی پێدا نراوە لە خۆ بگرێت (سەرنجی گشتی 34 ، برگەی 28).

43. دەستەی چاودێری بۆی دەردەکەوێت کە مەبەستی سیاسەتی مێتا سەبارەت بە ملهوڕی و هەراسانکردن ئامانجی ڕەوای ڕێزگرتن لە مافەکانی ئەوانی دیکەیە، لەوانەش مافی یەکسانی و جیاکاری نەکردن و ئازادیی ڕادەربڕین. ئەم سیاسەتانە، لە پاڵ ئامانجەکانی تردا، ئامانجی ڕەوای ئەوەیان هەیە کە ڕێگە بگرن لەو زیانانەی کە بەهۆی ملهوڕی و هەراسانکردن و جیاکاری ڕەگەزی ڕوو دەدەن، و ڕێز بگرن لە ئازادی ڕادەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە میتا پلاتفۆرم بۆ ئەو کەسانە کە کراونەتە ئامانج. ئەم ئامانجانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە بەپێی جارنامەی هاوبەشی ئازادی ڕادەربڕین و دادپەروەریی ڕەگەزی،

«توندوتیژی ئۆنلاین دژی ژنان پەیوەندییەکی تایبەتی بە ئازادیی ڕادەربڕینەوە هەیە» و «پلاتفۆرمەکانی میدیای کۆمەڵایەتی ئەرکی ئەوەیان هەیە کە دڵنیا ببن فەزای ئۆنلاین بۆ هەموو ژنان سەلامەتە و دوورە لە جیاکاری، توندوتیژی، ڕق و زانیاریی ناڕاست.»

III. پێویستی و تەناسوب

44. پرەنسیپی پێویستی و تەناسوب باس لەوە دەکات کە هەرجۆرە سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین «دەبێت گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکی پاراستنەی کە هەیەتی؛ دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئامرازانەی تر کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجی پاراستنە هەن کەمترین دەستوەردانی هەبێت؛ دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییەی کە دەبێ بپارێزرێت». (سەرنجی گشتی 34، برگەی 34).

45. بە لەبەرچاوگرتنی کۆمپانیاکە، دەستەی چاودێری بۆی دەرکەوتووە کە ئەو سیاسەتی مێتا کە بەپێی ئەو دەبوایە ئەم ناوەڕۆکە لاببرایە، وەڵامێکی پێویست و گونجاوە بۆ پاراستنی بەکارهێنەران لە ملهوڕی و هەراسانکردنی ئۆنلاین. سیاسەتەکە ڕێز لە مافی یەکسانی ئازادیی ڕادەربڕین بۆ ژنانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەگرێت کە زۆرجار لە ڕێگەی ئەو جۆرە هەراسانکردنەوە بە زۆر لە سەکۆکە دەردەکرێن. ڕاپۆرتەدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ توندوتیژی دژی ژنان ڕاپۆرتی داوە کە «ژنانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار ڕاستەوخۆ لەبەر کارەکەیان دەکرێنە ئامانج، هەڕەشەیان لێ دەکرێت، هەراسان دەکرێن، یان تەنانەت دەکوژرێن. ئەوان هەڕەشەی ئۆنلاینیان بۆ دێت کە بەگشتی سروشتی ژنبێزانەیان هەیە، زۆرجار سێکسین و بە تایبەت ڕەگەزپەرستانەن. سروشتی توندوتیژی ئەم هەڕەشانە زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی [ژنەکان] ئەکاونتە ئۆنلاینەکانیان هەڵسپێرن، ناچالاک بکەن یان بۆ هەمیشە بسڕنەوە، یان بەتەواوی واز لە پیشەکەیان بهێنن» ( A/HRC/38/47، برگەی 29).

46. ڕاپۆرتەدەری تایبەت بە باردۆخی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵێک ڕەفتار و زیانی هاوشێوەی ئەمانەی بە تایبەتی بۆ ژنان دەستنیشان کردووە: «زۆرجار ژنانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ تووشی هەراسانکردن و توندوتیژی و هێرشی ئۆنلاین دەبن، کە بریتین لە توندوتیژیی سێکسی، ئازاردانی زارەکی، چەواشەکردنی سێکسی، دۆکسینگ/زیانیاری زڕاندن...و شەرمەزارکردنی گشتی. ئەم جۆرە بەدڕەفتاریانە لە کۆمێنتەکانی ژێر بابەتەکانی هەواڵ و بلۆگ و ماڵپەڕ و میدیا کۆمەڵایەتیەکاندا ڕوو دەدەن. ئەو تیرۆر و بوختانەی ئۆنلاینەی کە ژنان تووشی دەبن دەتوانێت ببێتە هۆی دەستدرێژی جەستەییش» ( A/HRC/40/60 ساڵی (2019)، برگەی 45). بەپێی توێژینەوەیەک کە لەلایەن «ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان»ەوە ئەنجام دراوە، 70%ی چالاکوانانی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتانی عەرەبیدا ڕایانگەیاندووە کە بەهۆی هەراسانکردنی ئۆنلاینەوە هەست بە نەبوونی ئاسایش دەکەن. بە هۆی ئەمە، ئەو ژنانەی کە لەڕێگەی چالاکوانی یان خۆکاندیدکردن بۆ پۆستێک بەشداری لە ژیانی گشتیدا دەکەن، بە شێوەیەکی نامۆتەناسب لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە دەکرێنە ئامانج، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی خۆسانسۆرکردن و تەنانەت پاشەکشێ لە ژیانی گشتی.

47. دەستەی چاودێری بۆی دەرکەوتووە کە ئەم پۆستە بە بەکارهێنانی گاڵتەیەکی ڕەگەزی بۆ بچووککردنەوەی ئەو ژنە نیشاندراوە گاڵتەی پێد دەکات، و ئەوە دەگەیەنێت کە شایەنی هێرشی جەستەیی بووە. ئەم جۆرە هەراسانکردنە ئۆنلاینە بەربڵاوە و دەبێتە هۆی بێدەنگکردنی ژنان و دابڕینیان لە ژیانی گشتی. هەروەها ڕەنگە هێرشی جەستەییشی لەگەڵدا بێت. کە وایە، لابردنی ئەم ناوەڕۆکە پێویستە، چونکە ئەو ئامرازانەی کە کەمتر سنووردارکەرن ڕێگری ناکەن لە بڵاوبوونەوەی وێنەکەی لەگەڵ جۆکێک کە مەبەستی بچووککردنەوە و بێڕێزیە .

48. هەروەها دەستەی چاودێری بۆی دەرکەوتووە کە ئەم پۆستە بە شێوەیەکی فراوانتر ژنان و کچان دەکاتە ئامانج. توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکاتەوە بەو مانایەی کە هێرشکردنی جەستەیی بۆ سەر ژنان شتێکی کۆمیدییە و پیاوان مافی بەکارهێنانی توندوتیژییان هەیە. هەروەها بەکارهێنانی هەشتەگەکە نیشان دەدات کە مەبەستی بەکارهێنەر گەیشتن بە گروپێکی فراوانتر لە ژنانە زیاتر لە ئەو تاکەی کە نیشان دراوە. ڕاپۆرتەدەری تایبەتی توندوتیژی دژی ژنان پەیوەندیی نێوان هێرشکردنە سەر ژنان لە ژیانی گشتی و تۆقاندنی ژنان بە شێوەیەکی بەربڵاوتر نیشان دەدات: «جگە لە کاریگەری لەسەر تاکەکان، یەکێک لە

دەرەنجامە سەرەکییەکانی توندوتیژیی ڕەگەزیی ئۆنلاین و ئاسانکراو بەهۆی ICT [تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی] دروستبوونی کۆمەڵگەیەکە کە تێدا ژنان چ ئۆنلاین چ ئۆفلاین چیتر هەست بە ئاسایش ناکەن، بەهۆی ئەو سزانەدرانە بەربڵاوە کە بۆ ئەنجامدەرانی تتوندوتیژیی ڕەگەزی هەیە» (47/38/A/HRC، برگەی 29؛ 18/35/A/HRC/RES، برگەی 4، کە هانی دەوڵەتان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کلیشە ڕەگەزییانەی کە هۆکاری بنەڕەتیی توندوتیژی دژی ژنان و جیاکارین).

49. دەستەی چاودێری نیگەرانە لەوەی کە سیاسەتەکانی ئێستای مێتا بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەری ئەو ناوەڕۆکانە ناکەن کە بە ستایشکردن یان ئاماژەدان بەوەی کە شایەنیەتی، توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکەنەوە. ناوەڕۆکی شیکراو لەم کەیسەدا لەسەر ئەساسی سیاسەتی تایبەت بە ملهوڕی و هەراسانکردن لێک درایەوە، بەڵام ئەم سیاسەتە هەمیشە گونجاو نیە بۆ سنووردارکردنی زیانی دروستبوو لە ئاکامی بابەتێک کە، بە ئاماژەیەکی گشتیتر بە توندوتیژیی ڕەگەزی، جیاکاری و دوورخستنەوەی ژنان لە فەزای گشتیی ئۆنلاین یان ئۆفلاین زیاتر و خراپتر دەکات. هەر ئەم پۆستە، ئەگەر ئەو ژنەی کە تێدا نیشان درابوو نەناسراو بوایە، یان ئەگەر هەمان نووسین وێنەی کارەکتەرێکی خەیاڵیدا لەگەڵدا بوایە، چیتر ڕێسای تایبەت بە ملهوڕی و هەراسانکردنی پێشێل نەدەکرد. بە وتەی مێتا، ئەم ناوەڕۆکە سیاسەتی تایبەت بە «قسەی ڕقاوی» پێشێل ناکات، چونکە «کەسێک یان خەڵکێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە پارێزراوەکانیان ناکاتە ئامانج.» ئەمەش ئەوە بۆ دەستەی چاودێری ڕوون دەکاتەوە کە کەلێنێک لە سیاسەتەکانی ئێستادا هەیە کە ڕەنگە ڕێگە بدات ناوەڕۆکی جیاکاری، لەوانەش ناوەڕۆکێک کە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز ئاسایی دەکاتەوە، لە پلاتفۆرمەکەدا بمێنێتەوە و هاوبەش بکرێت.

50. بە وتەی مێتا، پرۆسەیەکی ئەم دواییە بۆ داڕشتنی ستراتیژی سەبارەت بە ستایشکردنی کردەوەی توندوتیژی تا ڕادەیەکی زۆر تەرکیزی کردووەتە سەر دەستنیشانکردنی بۆشاییەکانی جێبەجێکردنی یاسا لە چارەسەرکردنی ستایشی توندوتیژیی ڕەگەزی لە چوارچێوەی ستراتیژییە جیاوازەکاندا. وەک بەشێک لەو پرۆسەیە، مێتا سیاسەتی تایبەت بە پرسی گاڵتەکردن یان نوکتە دروستکردن لەبارەی توندوتیژیی ڕەگەزی لەبەرچاوگرت. مێتا بە دەستەی چاودێریی ڕاگەیاند کە کۆمپانیاکە گەیشتووە بەو بڕیارەی کە سیاسەتی زۆرلێکردن و هەراسانکردن بە گشتی ئەم ناوەڕۆکە دەگرێتەوە. بەڵام وەک لە نموونەکانی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، دەستەی چاودێری بۆی دەردەکەوێت کە سیاسەتەکانی ئێستا و جێبەجێکردنیان هەمیشە هەموو ناوەڕۆکێکی پەیوەندیدار ناگرێتەوە.

51. بە وتەی ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ توندوتیژی دژی ژنان، «توندوتیژی دژی ژنان جۆرێکە لە جیاکاری دژی ژنان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە دەکەوێتە چوارچێوەی CEDAWەوە» (47/38/A/HRC، برگەی 22). توندوتیژیی ئۆنلاین دژی ژنان بریتیە لە «هەر کردەوەیەکی توندوتیژیی ڕەگەزی دژی ژنان کە بەشێکی یان تەواوی لەڕێگەی بەکارهێنانی ICTەوە ئەنجام بدرێت، یارمەتی بدرێت یان توندتر بکرێت... واتە دژی ژنێک ئەنجام بدرێت لەبەر ژنبوونی، یان بە شێوەیەکی ناموتەناسب ژنان بکاتە ئامانج» (47/38/A/HRC، پاراگرافی 23). لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان (دەستەی پسپۆڕانی سەربەخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان کە چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دەکەن) لە سەرنجی گشتی 35دا داوای لە دەوڵەتان کرد ڕێوشوێنی پێشگرانە بگرنە بەر، لەوانەش لەڕێگەی هاندانی کۆمپانیاکانی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ بەهێزکردنی میکانیزمەکانی خۆڕێکخستن «بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژیە ڕەگەزیەی کە لە ڕێگەی خزمەت و پلاتفۆرمەکانیانەوە دژی ژنان دەکرێت» (35/CEDAW/C/GC، برگەی 30(d)).

52. ئەو ناوەڕۆکەی کە توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکاتەوە بە ستایشکردنی یان گەیاندنی ئەو پەیامەی کە ئەم جۆرە توندوتیژیە لۆژیکییە یان شایەنیەتی، یان ڕەوایی بە توندوتیژی دەبەخشێت و هەوڵ دەدات ژنان بترسێنێت، لەوانەش ئەو ژنانەی کە هەوڵ دەدەن بەشداری لە ژیانی گشتیدا بکەن (بڕوانە سەرنجی گشتیی دامەزراوەی مافە دیجیتاڵیەکان، PC-11226). ئەو پەیامەی کە کەڵەکەبوونی ئەم جۆرە ناوەڕۆکە دەیگەیەنێت ئەوەیە کە توندوتیژی قبوڵکراوە و دەتوانرێت بۆ سزادانی سەرپێچی لە نۆرمە ڕەگەزیەکان بە کار بهێنرێت. هەرچەند ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانە کە هۆکارەکان نیشان دەدەن سنووردارن، چەندین توێژینەوە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئاساییبوونەوەی توندوتیژیی ڕەگەزی و زیاتر ڕوودانی ئەو جۆرە توندوتیژیانەیان نیشان داوە.

53. لە چەندین کەیسی پێشوودا، دەستەی چاودێری دانی بەوەدا ناوە کە چۆن دەتوانرێت هەندێک ناوەڕۆک کە ڕەنگە جیاکارانە (نیشاندانی زوارتێ پیت، FB-UA-002-2021) یان ڕقاوی (کارتۆنی کنین، 2022- FB-UA-001، قسەی ناشرینەکانی ئەفریقای باشوور، FB-UA-011-2021) بن، لابرێن بەهۆی کاریگەرییە کەڵەکەبووەکانیان، بەبێ ئەوەی پێویست بکات نیشان بدرێت کە هەرکام لە ناوەرۆکەکان دەتوانێت ببێتە هۆی زیانی جەستەیی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ. هەروەها دەستەی چاودێری ئاماژەی بەوە کردووە کە کەڵەکەبوونی ناوەڕۆکی زیانبەخش ژینگەیەک دروست دەکات کە تێیدا ئەگەری کردەوەی جیاکاری و توندوتیژی زیاترە ( نیشاندانی زوارتێ پیت، FB-UA-002-2021).

54. ڕاپۆرتەدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ توندوتیژی دژی ژنان سەرنجی ڕاکێشا بۆ ڕۆڵی گرنگی میدیا کۆمەڵایەتیەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی ڕەگەزی و پێویستیی دارشتنی سیاسەت و کرداری ICT بە تێگەیشتن لە «ژینگەی فراوانتری جیاکاری و توندوتیژیی ڕەگەزی بەربڵاو و سیستماتیک دژی ژنان و کچان، کە چۆنێتیی دەستڕاگەیشتن و کەڵکوەرگرتنی ئەوان لە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی تری ICT دیاری دەکات» (47/38/A/HRC، بڕگەی 14). کلیشە ڕەگەزییەکان هانی توندوتیژی دەدەن و ناکافیبوونی کاردانەوەکان وا دەکات کە ئەم جۆرە جیاکاریە زیاتر بەردەوام بێت. لە چەند کەیسدا، لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان بۆی دەرکەوتووە کە کاتێک دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە بڕیاردانیاندا بەپێی کلیشە ڕەگەزییەکان کار دەکەن، دەوڵەت ناتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێگە لە جیاوازیی ڕەگەزی بگرێت یان چارەسەری بکات (بڕوانە کەیسی بێلۆسۆڤا دژی کازاخستان، کەیسی RPB دژی فلیپین؛ کەیسی جالۆو دژی بولگاریا (بڕگەی 8.6)؛ و کەیسی LR دژی کۆماری مۆڵدۆڤا).

55. لە ژینگەیەکی فراوانتری جیاکاری و توندوتیژیی ڕەگەزیدا، مێتا بەرپرسیارێتی ئەوەی هەیە کە هەڕەشەکانی زیانگەیاندنی جەستەیی و سەرکوتکردنی وتار و بەشداریکردنی ژنان لە کۆمەڵگادا خراپتر نەکات. ناوەڕۆکی هاوشێوەی پۆستی نێو ئەم کەیسە لەڕێگەی بێڕێزیکردن بە ژنان و بێبایەخکردن، بیانووهێنانەوە، یان هاندانی هەردوو جۆری دەستدرێژیی گشتی و دەستدرێژی خێزانی، توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکەنەوە. کاریگەریی کەڵەکەبووی ناوەڕۆکێک کە توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکاتەوە بۆ هاندان یان پاڵپشتی لە بەکارهێنانی توندوتیژی، و زیانگەیاندن بە مافەکانی ژنان و بەردەوامکردنی ژینگەیەکی بێ سزادان، هەمووی دەبێتە هۆی زیاتربوونی مەترسیی توندوتیژیی ئۆفلاین، خۆسانسۆری و سەرکوتکردنی بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا. بۆیە، دەستەی چاودێری پێشنیار دەکات کە مێتا پرۆسەیەکی دارشتنی سیاسەت دەست پێ بکات بۆ دامەزراندنی سیاسەتێک بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناوەڕۆکێک کە توندوتیژیی ڕەگەزی ئاسایی دەکاتەوە لە ڕێگەی ستایشکردن، پاساوهێنانەوە، شاییکردن یان گاڵتەکردن بە توندوتیژیی ڕەگەزی.

**بەشی 9: بڕیاری دەستەی چاودێری**

56. دەستەی چاودێری بڕیارە سەرەتاییەکەی مێتا بۆ هێشتنەوەی ناوەڕۆکەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

**بەشی 10: پێشنیارەکان**

A. سیاسەتی ناوەڕۆک

1. بۆ دەستەبەرکردنی شەفافیەت بۆ بەکارهێنەران، پێویستە مێتا ڕوونی بکاتەوە کە زاراوەی «بارودۆخی پزیشکی» بەو شێوەی کە لە ستانداردی کۆمەڵگەی مێتا سەبارەت بە ملهوڕی و هەراسانکردندا هاتووە بابەتی «برینداربوونی سەختی جەستەیی»ش دەگرێتەوە. هەرچەند ڕێنماییە ناوخۆییەکان بۆ هەموارکەرانی ناوەرۆک ڕوونی دەکەنەوە کە «بارودۆخی پزیشکی» «برینداربوونی سەختی جەستەیی»ش دەگرێتەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیە نەدراوە بە بەکارهێنەرانی مێتا.

دەستەی چاودێری تەنیا کاتێک ئەم پێشنیارە بە جێبەجێکراو دەزانێت کە زمانی ستانداردی کۆمەڵگە کە ڕووی لە خەڵکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕوونکردنەوەش لە خۆ بگرێت.

2. پرۆسەیەکی داڕشتنی سیاسەت دەستپێبکات بۆ دامەزراندنی سیاسەتێک بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناوەڕۆکێک کە توندوتیژیی ڕەگەزی دەکاتە شتێکی ئاسایی لە ڕێگەی ستایشکردن، پاساوهێنانەوە، شاییکردن یان گاڵتەکردن بە توندوتیژیی ڕەگەزی. دەستەی چاودێری تێدەگات کە مێتا خەریکە پرۆسەیەکی داڕشتنی سیاسەت جێبەجێ دەکات کە بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن لەپاڵ هەندێ کێشەی تردا کێشەی ستایشکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی چارەسەر بکات. ئەم پێشنیارە پشتگیری لە ڕێبازێکی وردتر دەکات بۆ سنووردارکردنی ئەو زیانانەی کە بەهۆی بەئاسایی سەیرکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی دروستدەبن.

دەستەی چاودێری تەنیا کاتێک ئەم پێشنیارە بە جێبەجێکراو دەزانێت کە مێتا دەسکەوتەکانی ئەم پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتە بڵاو بکاتەوە و ستانداردە کۆمەڵایەتییەکانی نوێ بکاتەوە.

***تێبینیی ڕێکاری:**

بڕیارەکانی دەستەی چاودێری لەلایەن پانێڵی پێنج ئەندامیەوە ئامادە دەکرێن و بە زۆرینەی دەنگی دەستە پەسەند دەکرێن. بڕیارەکانی دەستەی چاودێری هەمیشە نوێنەرایەتیی بۆچوونی شەخسیی هەموو ئەندامان ناکات.

بۆ گەیشتن بە بڕیاری ئەم کەیسە، بەناوی دەستەی چاودێرییەوە ڕاسپێردرا کە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بکرێت. دەستەی چاودێری لەلایەن پەیمانگایەکی توێژینەوەی سەربەخۆوە هاوکاری کرا کە بارەگاکەی لە زانکۆی یۆتۆبۆرییە و پشت دەبەستێت بە تیمێک لە زیاتر لە 50 زانای کۆمەڵایەتی لە شەش کیشوەر و زیاتر لە 3200 پسپۆڕی وڵات لە سەرانسەری جیهان. هەروەها دەستەی چاودێری لەلایەن کۆمپانیای Duco Advisorsەوە هاوکاری کرا کە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکارییە کە تەرکیزی لەسەر تەداخولی نێوان بابەتەکانی جیۆپۆلیتیک، متمانە و سەلامەتی و تەکنەلۆژیایە. هەروەها ڕێکخراوی Memetica کە لە بواری لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکراوە لەسەر ڕەوتی میدیا کۆمەڵایەتیەکان کار دەکات هەندێ شیکاریی پێشکەش کرد. شارەزایی زمانەوانی لەلایەن کۆمپانیای Lionbridge Technologies, LLC دابین کراوە، کە پسپۆڕەکانی زیاتر لە 350 زمان دەزانن و لە زیاتر لە 5000 شاری جیهانەوە لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە کار دەکەن.